


Arselan81@yahoo.com

ن...... سیامه ک پوور جزنی
وه.....ئیبراهیم کۆنه پۆشی
سه رچاوه ........ماڵپه ڕی ........جادی



## پێشه کیه کی کورتی وه ر گێر

نزیکـه ی 39 سـاڵه، کـه ڵـه پیـاوی شۆڕشـگێر ، داهێنـه ری شـه ره چریکه یـه کان ، ڕێبـه ری بزووتنـه وه شۆڕشـگێرانه کـانی ئامریکـا، خۆشه ویستی هه ژارانی دۆنیا، لـه ناو ماندا نه ماوه ، مرۆڤێکی خاوه ن هه ست و ویـژدان لـه دۆنیا دا نابینیت کـه دڵـی بـۆ ژان وده ردی هـه ژاران ژان بکـات بـه لاّم نـاوی گیڤـارای نـه بیستبێت. گیڤارا گه وره پیاوی خۆشناوی دونیا بو که ته نیا بۆ رزگاری هه ژاران خه باتی کرد، خه باتگێرێک بو که له خۆ برده، قه د له بیری ئاسایش و پۆست و مه قامی خۆیدا نه بو، بۆیه ئه و مرۆڤه ئه مرۆکه یش ئاوه ها له ناو ماندا زیندوه ، گیڤارا یه ک که س بـوو بـه لاّم ئـه مرۆکـه بـه هه زاران بنیام له دونیا ده بینرێن که شانازی به و دۆکتۆره وه ده که ن و خۆیان به ڕێبـواری ڕێگـای پر لـه شـانازی ئـه و بـه ڕیـزه ده زانـن ، گـه رچی گیڤارا بـه لاشه له نێوماندا نه ماوه، به ڵکو به یادو به کرده وه وبه باوه ر هه رده م له ناو ماندایه ، له هه ر شوێنێک ناوێک له،له خۆبردویی ، لـه تێکۆشان، لـه ئیراده ی به رز، له ماندوو نه بوون ، لـه باوه ری قایم ، لـه دڵسۆزی بۆ هه ژاران ، له خزمه ت به کرێکاری چه وساوه هه بێت بێشک یـه کـه م نـاو نـاوی گیڤارایه که دێته وه بێر هه موان.

*******************************

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## مرۆڤ سه ر تره له چاره نووس

(دوكتۆر ئێرنێستۆ چگوارا ..... گیڤارا )

********************************

گیڤارا، دوكتۆری ئارژانتینی، شۆڕشگێری نێو نه ته وه یی ،له ساڵی 1954 ی زایینی له وڵاتی مكزیك چوه لای فیدل كاسترۆ، رێبه ری شۆڕشی 59 ....1956 ی زایینی كوبا ،له ساڵی 1965 زایینی به مه به ستی پێك هێنانی گروپێكی چریكی له بۆلیوی، له كوبا به ره و بولێوی كه وته رێ . له بولیوی له گه ل 17 نه فه ر له هاورێكانی له لایه ن هێزێك كه پێك هاتبو له 1300 سه رباز گه مارۆ دران له مانگی ئۆكتۆبری ساڵی 1967 دا گیانی به خت كرد. بیری شۆڕشگێری به شیوه ی چریكی تا راده یه كی زۆر په ره پێ دابوو.له كۆتایی ته مه نی دا له دژی وڵاتی شه وره وی ئه و كاتیش قسه ی ده كرد و له سه ر ئه و باوه ره بو كه دونیا بوه ته دو به ش ، به شێكی له لایه ن روسیه و به شێكی له لایه ن ئامریكاوه ده چه وسێته وه . زۆر به توندی لایه نگری له شۆڕشی وێتنام ده كردوهه رده م هاورێكانی له ئامریكا ی باكوور هان ده داكه له وێش شۆڕشێك وه ك وێتنام به ر پا بكه ن .

*************************

هه ر چۆنێك بو راوه ستا، پاڵی دابه دارێكه وه ، ئێش له ده روونیه وه هاواری ده كرد، لێوه كانی به توندی گه ست، كۆماندۆ كانی ئه رته ش به خێرایی له چوار ده وری ته پۆڵكه كه وه ده هاتنه سه ر، ئه ویش سه یری چه كه بێ فیشه كه كه ی ده كرد .

» مردن دێت ؟ «

هه مو كات مردنی به و جۆره ی ئاوات بوو. ساتێكی ژیان له ناو دارستانێكی زۆر به رین له كاتێك دا چاوی بریبوه ئاوابوونی خۆره تاو، شریخه ی گوله دونیای له به ر چاو تاریك كرد.

**********************

فه قیری له كۆڵانه كانی ریودوژانیرو، فه ساد له سانتیاگۆ، له ش فرشی خانه كانی كووبا، منداڵانی كار، منداڵانی ده ردو به میلیۆن بنیام كه به ده ست فه قره وه دایمه له زه جر كێشاندان ، وه حشیگه ریه كانی نیزامی زۆر تۆره ی بێ به زه یی، شانۆی گاڵته ی دیمۆكراسی وه بیر خۆی ده هێنایه

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وه،هه مو ئه وانه وه ک نوکی سوزن به له شی دا ده چه قین و دلّی پر زامو ئێشی کون کون ده کرد .

بیر کردنه وه له و شه ریکه چه ند نه ته وه ییانه ی وه ک ئامریکن فروتز، ITT، جنرال موتۆرز و ... شێوه ی چه وساندنه وه ی بنیامه کان له ئامریکای باکوور، بیر کردنه وه له دڕندانه ترین شێوه ی چه وساندنه وه له ژێر ناوی پاراستنی دیمۆکراسییه کی چکۆله ی ئامریکایی!. ده روون وره وانی ئه و دوکتۆره لاوه ی که نه ی ده ویست ته بیب ته نیا ئاوێنه ی ئازار نوێنی ئازاری هه ژاران بێت ده هه ژاند .

شێوازی دیموکراتیک زۆر ئه زموون کرابوو. ئه گه ر حیزب یان رێکخراوێکی پێشکه و توو درووست ده بوله شالاّوی راگه یاندنه کانی کۆنه په ره ستانێک که هه مو دامو ده ستگای راگه یاندنی زۆر به هێزی وه ک ته له فیزیۆن، رادیۆ ، و رۆژنامه کانیان به ده سته وه بوو گوم ده بو و دا ده پۆشرا ، یان رێبه رانی ئه و بزووتنه وانه یان به دۆلاری سه وز ده کڕی و یان مردنێکی زۆر تاریک وناخۆش ده بوه نسیبی هه مو ئه و مرۆڤه شۆرشگێرانه که دیان هه ویست ده رده کان ده رمان بکه ن .

*******************

ئه رته ش ، ئه و ئه رته شه به ئیمانه ی مه سێحیه ت بوو که بۆ خۆی به هه مو دامو ده ستگای سه ر کوتیه وه چاوه دێری له پاره و سه ر مایه و هێزی کاری هه رزان که هه ر ئه و کرێکاره هه ژارانه بوون ده کرد ، ئه و ئه رته شه خۆی هێزی پاراستنی سه ر مایه وئه و ده وڵه تانه ی که نۆکه ری ئیمپریالیستن بوو، له ژێر ناوی پاراستنی دیمۆکراتیه ت و ته رێز کردن له کۆمۆنیزمی بنیام خۆرهه مو کارێکی نامرۆڤانه یان به رانبه ر به به شه ریه ت ئه نجام ده دا.

هه مو ئه م شتانه رۆح و هه ستی دۆکتۆری لاوی ئازار ده دا.

********************

برینه که ی ژانی ده کرد و به ده ست ئێشه وه ده ی نالاّند،له ناکاو به قۆناخه تفه نگ به ر بوونه گیانی و که وتنه لێ دانی جه سته ی بیمارو بریندا ری .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

« ههههههههههه... وه رن ئه مه ریش دریژێکی تر... لێ ده ن کوره کان... »

سه روازه کان نه یان ده زانی که چ ده ست که وتێکیان به ده ست هێناوه ، نه یان ده زانی که کیان گرتوه ، نه یان ده زانی گه وره ترین رێبه ری چریکه چه په کانی ئامریکای باکوور و بگره دونیایان به دیل گرتوه ، نه یان ده زانی که سێک ئازار و ئه شکه نجه ده ده ن که وه ک سه ولّی سه ر به رز له هه مو ئامریکای باکوور و بگره دونیا دا ره گو ریشه ی له ناو دلّی هه ژاران دا دا کوتاوه :

به لاّم ئێستا چ به ته نیایی که وته ده ست پارێزه رانی جه هل و سه ر مایه و ه .

********************

« نه یار ئه رته شه ،ئه رته شێکی دژی شۆرش و دژی خه لّکی، بێ ره حم و سه ر کوتگه ر که ته نیا قسه ی ئه شکه نجه و کوشتنه ، که واته مه به ستی یه که م ده بێت ئه رته ش بێت » ئه و جۆره بیر کردنه وه یه ته که بنیام چه ک هه لٚ ده گرێت و دۆکتۆریش ئه و کاره ی کرد. به ولاشه بیماره یه وه چه کی هه لّگرت و رێگای که ژو کێوی گرته به ر له کاتێکدا به ده ست ئازاری هه ناسه سواریه وه ده ی نالاّند وده بوا به سوار بوونی هه ناسه وه که ژو کێوی ولاّتی ببرِیایه ت ، به لاّم ئه و ده یزانی که ئیراده ی مرۆڤ له زۆرله تواناییه کانی له شی له سه رتره هه ربۆیه به ئیراده یه کی پۆلاّیینه وه به سه ر نه خۆشیه کانی له شی دا زالّ بوو،به راستی گیڤارا به ئیراده زۆر له سه ر تر بو .

*******************

ئه و هێزانه ی که گیڤارایان گرتبو ، تفیان له روی گیڤارا کرد، به ناو دار و به رد دا له سه ر زه وی رایان کێشاو کێشیان کرد، له که ویلّێکی زۆر چکۆله که زۆرتر له مه سته راوێک ده چو به ندیان کرد،به لّی ئه وان ئه رته شی سه ر که وتوی بۆلیوی بوون ، پاریزه رانی مه سیحیه تی پاکو به ئیمان وسه ر مایه داری بوون ، سه روازانێک بون که نه ک بنیام به لّکو که سانێک بون که ره گه زیان له به ردو پاره بوو بۆیه هێنده دلّره ق ونامرۆڤ بوون .

*******************

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له مکزیک دا ئه و دۆستو هه ڤالانه ی که له ته واو ئامریکا دا به ده ستی هێناونن بیینیه وه .هه مویان ژماره یان له ده یان که س تێ نه ده په ری ، سوار پاپۆری« گران ما » بوون به و پاپۆره یه که م سه فه ری تێک شکانێکی گه وره یان ئه زموون کرد،له« دایکی زه وی » گرسانه وه . کێوه کانی سیرامانیسترا به ودارستانه سه رسه وزو به رینانه یه وه بوه جێگای پیاوگه لێک ریشن که گاڵته یان به مه رگ ده کرد،

ژنان و پیاوانی لادێیی یه که م جار بو که پیاوانی چه کداریان ده بینی که زۆر به ره حمو به به زیی و زۆر تێکه ڵ له گه ل خه ڵکی هه ژار ده بن ، یه که م جار بوو که ساڵنی چه کداریان ده بینی نه ته نیا هه ره شه و ئه زیه تو ئازاریان بۆخه ڵک نه بو به ڵکو قوتابخانه و نه خۆشخانه یان بۆ خه ڵک ده کرده وه ، پارێزگاریان له خه ڵک ده کردبێ ئه وه ی زه ختو زۆرێکیان به سه ر که سه وه ببێت . له ناو ئه وشۆرشگێرانه دا دۆکتۆرێکی به ته مه ن لاویان تێدا بوو زۆرخوێنشیرین و رووخۆش وئاسانه سووک ،ده مو چاوی وه ک ئیسپانیایه کان – مه یله و سور، ریشێکی درێژی هه بووکلاوه که ی سه ری ئه ستێره یه کی سوری پێوه بو، که سووری ئه و ئه ستێره هه روه ک ره نگی خوێن ده چوو. *

***********************



چه و دختر چهار ساله اش. رفیق آنتونیو نونز جیمنز دست دیگر هیلدیا را در دست دارد.

ناوی وت.....بۆ چی ؟ که س نازانێت . له وانه یه وتی له به ر ئه وه ی که ئیتر کۆتایی پێ بێت له وانه یشه ناوی خۆی له به ر ئه وه وتبێت که ئه و دوژمنانه ی که به دیلیان گرتوه له ناوه که ی بترسن وبه و جۆره یش لانیکه م ترسێکی خستبێته دڵیانه وه . به راستی گیڤارا وه ک هه ڵۆیه ک یان ئه ژدیهایه ک له به ندیان کێشابو به ده ستی ته وه زه لانی کۆنه په رسته وه کۆتو به ند کرابوو :

« من ئێرنێستۆ چگوارا م »

راو چیانی بنیام ده ستیان کرد به پێ که نین. له خۆشیان قاقا پێ ده که نین و سه مایان ده کرد. هاواری شادی وخۆشیان به ر زکرده وه. له واشه

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نگتۆن ، له نیۆیۆرک ، له له نده ن ،له پاریس و له هه رکوێ که پاره ، له هه ر کوێ که سه ر مایه ، له هه رکوێ که چه وسێنه رخانوویه کی بوو، چرای خۆشی وشادمانی وخواردن وخواردنه وه و میواندارى و جه شنو به زمیان بۆ ئه و سه ر که وتنه گه وره یه، بۆ به دیل گرتنی ئه و رێبه ره مه زنه ، بۆ به کۆتو به ند کێشانی گه وره ترین دوژمنی کۆنه په ره ستی و چه وساندنه وده ستی پێ کرد.

کوماندۆ کان ده یان زانی که چریکێک قسه ناکات. له شانۆ گاڵته جاریه کانی ناو ته لیفیزیۆنه کان به شداری ناکات. بۆ درێژه دان به ژیان ئاماده نیه په ستی و خۆفرۆشی قه بووڵ بکات. ئه وان ده یان زانی که به راگه یاندنی به دیل گرتنی له واشه نگتۆن ،له نیۆیۆرک ،له له نده ن و پاریس له هه ر کوێ که ئینسانه کان له ژێر سایه ی پاره دا بژین له دونیای سه ر مایه و ژێر ده سه ڵاتی چه وسێنه ران،هه ژاران بیر له دونیایه کی باشتر و خۆشتر بۆ خۆیان ده که نه وه ، بێ ده نگ نابن... که واته ئه وان بریاری خۆیان دا .

*************************

ئه و بریاری خۆی دا. سه ر که وتن گه رچی پیرۆز و شیرینه به لاَم وادیار بو جلو به رگی پاشایی و ده سه لاَت بۆ ئه و نه دوردرابوو. له زۆر شوێنی دونیا یارمه تی گیڤارا پێویست بو، به لاَم گیڤارارای کرد، به لێ رای کرد له پۆست و ده سه لاَت ، رای کرد له خۆ زل کردنه وه وشۆره تو مه قام رای کرد به مه رگی خۆی رێگای رزگاری نیشانی هه ژاران بدات و........

له کۆنگۆو، له ئانگولا،له ئافریقای ره ش ،سه گه شه رکه ره کان – به کرێگیراوانی بلژیکی و فه رانسه وی – تامی هێرش و زه بری ئه ویان چێشتبو. له ده ست وزه و وهێزی رێکخستنی و هێزی بریاده ری و بریار ده ر کردنی له ئه مان دا نه بوون .

له ئامریکای باکوور، دونیایه ک که پانتاییه که ی به نیشتمانی خۆی ده زانی دیسانه وه ئه زموونی سیرا دووپات ده بێته وه به لاَم ئه م جاره دۆکتۆر ته نیا بوو. ترس له مردن دۆست و ئاشنای به بێگانه ده کرد و درنده یی سه ر کوت ئه و ده ستانه ی که یاری ده ده ر بون ده شکاند .

ئه م جار دوکتۆر به ته نیا بو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**************************

دوکتۆر ئێرنێستۆ چگواراچاوی لە گرووپی خوێنرێژی جە لاد و ئێعدام کرد،ئە و گرووپە ی کە هاتبوون خۆی ئێعدام بکە ن، گیڤارا بە دە نگێکی دلێرانە بانگی کرد :

« **تە قە کە ن ! ...** »

بۆ چرکە یە ک ئە وە ی کارە ساتی تاڵ و شیرین بو وە بیری هاتە وە:

دیسانە و ە هاواری کرد

« **تە واوی کە ن ، تە قە کە ن ، رامە وە ستن! ...** »

پاشان دە نگی شریخە ی گولە کە هە موی بە جە ستە ی کە ڵە پیاوی شۆرشگێر و خە م خۆر و دۆست و دڵسۆزی چە وساوە کاندا دە چو هە ر وە ک لوورە ی گورگ بێدە نگی ناو دارستانە کە ی شکاندو ئە و جار بێدە نگیە کی سامناکی بە سە ر کۆمە ڵگادا کێشا، بە م جۆرە ژیانی رێبە ری مە زن گیڤارای هە ژاران کۆتایی پێ هات .

لە و دیو کێوە کانی ئاند پابلو نروودا شۆرشگێرێک لە دە فتە ری بیرە وە ریە کانیدا نووسیبووی :

**بۆچی دوای شە وە کە ی گیڤارا لە بوولیوی رۆژ نابێتە وە ؟**

**بڵێی دڵی کوژراو لە دووی قاتڵە کە ی بگە رێت؟**

**بڵێی ترێ رە شە کانی ناو دە شت و بیابان ئێستە ش تامی فرمێسکیان هە بێت؟**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com





چه و دختر چهار ساله اش. رفیق آنتونیو نونز جیمنز
دست دیگر هیلدیا را در دست دارد.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com